# Referendum Movement in Kurdistan

## بەیاننامەی کۆمیتە باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وولات

**بۆ / پەرلەمانی کوردستانی بەرێز**

**پاش کۆتایی هێنانی پرۆسەی هەڵبژاردن و وەدی هێنانی هەندێ دەستکەوتی باش بۆ میللەتی کورد ، خۆشی رووی کردە هەموو ماڵێکی کورد و زەردەخەنە گەڕایەوە سەر لێوی منداڵانی کورد و ئاهێک بە دڵی میللەتەکەماندا هات و زۆر گەشبین بوو بەو یەک دەنگییەی کورد لەو قۆناغەداو بەچاوێکی پڕ هیوا ڕوانییە پاشە ڕۆژی گەشتر بۆ بەدیهێنانی هەموو ئاواتەکانی .**

**تاقیکردنەوەی میللەتی کورد لەم قۆناغە هاوچەرخەیدا بە ڕۆژگارێکی زۆر گرنگ و ناسکدا تێ دەپەڕێ و ئاسۆی هێنانە دی ئاواتەکانی لێڵە ، بەتایبەتیش پاش دووبارە بەستنەوەی بە دارشتنی دەستوری عێراقەوە کە ئەگەر میللەتەکەمان زۆر هۆشیارانە تێ ی نەڕوانێت ئەوا رەنجی خەباتمان و خوێنی شەهیدانمان و هەموو قوربانییەکانمان دەکەوێتە بەر مەترسی فەوتان و دووبارە بوونەوەی نەهامەتییەکانمان سەر لە نوێ .**

**ئێمەلە گیانی هەستکردن بە لێپرسراویەتی مێژوویی و هەستکردن بەو مەترسیە گەورانەی ڕووی کردووەتە جەستەی پەرلەمانی کوردستان ، هەڵوێستی خۆمان دەردەبرین بە نیگەرانیمان لەو ناکۆکیانەی بووەتە مایەی وەستانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و سڕبوونی کارەکانی لەم قۆناغە ناسکەدا و بووەتە مایەی دروستبوونی خەم و دڵە راوکێی زۆر لەشەقامی کوردیدا ، لەم قۆناغە ناسکەدا جێی خۆیەتی کە پەڕلەمانتارانی کوردستان دەربری راستەقینەی دەنگی ئەو جەماوەرە بن کە بڕوای پێبەخشین لە ڕۆژی دەنگدان و داوایان لێ دەکەین هەڵوێستی مێژوویی خۆیان پێشاندەن وسووربن لەسەر بەستنی کۆبوونەوەکانیان و کۆشش بکەن بۆ چارەسەری ئەو گرفتە هەنووکەییە ترسناکانە لە نێو هۆڵی پەڕلەماندا.**

**ئێمە دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئەو 17 پەڕلەمانتارە بەرێزانەی پەڕلەمانی کوردستان و داخوازییەکانیان بە ڕەوا دەزانین و پێشمان وایە کە دەبێت ڕۆڵی پەرلەمانتار هەر دەبێ وا بێت و پابەندی ناکۆکییە سیاسیەکان نەبێت ، بەڵکو چەسپێنەری بناغەدانانی حوکمی گەل بێت .**

**هەر لێرەشدا داخوازین لە پەڕلەمانی کوردستان کە لە پرۆژەکەیدا بۆ دەستوری نوێی عێراقدا داخوازی بەندێک بێت بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد لە رێگەی ڕیفراندۆمەوە.**

**سەرکەوتووبێت هەولۆ کۆششی دڵسۆزان و خەمخواران بۆ پاراستنی یەکێتی ریزەکانی گەل .**

**نەمری بۆ شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان .**

**کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وولات**

**2005-05-19**